# میللەتێک لە گەنجانی ژاوەژاوکەر!



" ئێمە لە گێژەنی گفتوگۆی بێ سەروپێدا، خۆمان لەبیردەچێتەوە و لەتاو ئەوەی هێندەعەودالی  ئەوەین هەڵەی کەسانی دیکە بگرین، هەڵەکانی خۆمان لەیاد دەکەین"

گەر پاس، چەند خولەکێک لەکاتی خۆی دوابکەوێت خێرا پڕدەدەینە (ئایفۆن)ـەکەی دەستمان و پەیامێکی توند بۆ بنەکەی ڕێکخەری هاتوچۆی پاسەکان دەنێرین!

ئێمە لە نەرویجدا، هەرچیەکمان بە بیردابێت بەنووسین و بەگوتن، لەهەرکوێیەکدا بمانەوێت؛ ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ئینترنێت، فەیسبوک، تڤیتەر دەربدەبڕین و لەوەش ناترسین، کە بەهۆیەوە تووشی هیچ لێپرسینەوەیەک بین. بیرمان دەچێتەوە، کە زۆربەی جارەکان، لەبەرئەوەی هێندە بەپەرۆشین ڕا و بۆچونی خۆمان، سەبارەت بە باس و ڕووداو کارەسات، یان کێشەیەک دەربڕین؛ ئیدی بیرماندەچێتەوە کە بۆچی دەبێت ئێمە ئاوها بیربکەینەوە، یان بۆ دەبێت لەسەر گشت ئەو بابەتانە ئێمە ڕاو و بۆچونمان هەبێت.

هەرچەندە هەندێکجار ڕووداو، یان کێشەیەک، نەپەیوندی بە ئێمەوە هەیە نە بە ڕادەربڕینی ئێمەش چارەسەر دەبێت، کەچی هەر قسەی تێدا دەکەین. ڕەنگە هۆکەشی ئەوەبێت، کە بڕوادەکەین زانیاریمان سەبارەت بەو باس و بابەتە زۆرە و ئیدی دەبێت قسەی تێدابکەین. ڕەنگە ئەو زۆر زانینەمان کەمێک دڵڕەق و زبری کردبین!

ڕەنگە زیرەکیمان کەمێک شەڕانگیزی کردبین!
لەوانەیە پێمان بڵێن، کە ئێمەی نەرویجی زۆر بیردەکەینەوە و هەستمان کەم دەبزوێت!
دەکرێ لە خۆمان بپرسین:
- مادەم مرۆڤ ئازادی و مافی هەیە، کە بیر و ڕای لەسەر گشت " شتێک" هەبێت ئیدی بۆ دەرینەبڕێت؟
- بەڵام ئایا دەبێت هەر ئەوکارە بکەین، واتا بیر و رای خۆمان لەسەر هەموو شتێک دەرببڕین؟

من هەمیشە ئێرەیی (حەسودی) بەو کەسانە دەبەم، کە هێمن و کەمدون.

هاوڕێیەکی نزیکم هەیە زۆربەی جارەکان، کە ئێمە زۆربەگەرمی سەرقاڵی گفتوگۆ و ڕەتدانەوەی یەکدین و هەرکەس دەیەوێت تەنها گووتەی خۆی ببیسترێت، ئەو بەبێ دەنگی دادەنیشێت و گوێمان لێدەگرێت. نیگامان دەکات و بیردەکاتەوە، بەڵام کاتێک، کە ڕایەک، یان وەڵام و بۆچوونێک دەردەبڕێت، ئیدی ئێمە گشتمان دەحەپەسێین.

(( ئەوەی لە هەموان بەدەنگی بەرزتر و زیاتر دەپەیڤیت خۆ مەرج نییە لە هەمووان ڕاستر و زۆرزانتر بێت!
هەروەک چۆن کەسێکیش، کە هێمن و لەسەرخۆبیت و لەهەموو شتێکدا هەڵناداتێ و خۆ هەڵنەقورتێنی، ئیدی مانای ئەوە نییە، کە نەزانە و هیچی نییە بیڵێیت! ))

## ئەدی مۆراڵ چی لێهات؟

ئێمە لە نەرویجدا بە هەر نرخێک بووە دەمانەوێت خۆمان دەرخەین. دەمانەوێت ئەوەی، کە لە بیرماندایە و بەڕاستی دەزانین، بە هەرچ شێوەیەک و بەهەر نرخێک بووە دەریببڕین و بیگەیەنینە گوێی خەڵکی. دەمانەوێت بە سوک و ئاسان هەرچیمان حەزلێیە بێتە دەستمان!
دەمانەوێت ئەوەی مافی خۆمانە بەزیادیشەوە بەدەستیبهێنین. بەڵام لەم هەراو بگرەوبەرەیەدا من وای دەبینم، کە خەریکە مۆڕاڵ لەدەستدەدەین، یان ڕەوانتر بێژم مۆڕاڵمان لەدەستداوە و بیرمان چۆتەوە کێین!

سەردەمێکی هێندە دوور نییە، کە ڕێزگرتنی بیروڕا و بۆچوونی کەسانی دیکە لە نەرویجدا (عادەتێک) نۆرمێکی جوان بوو!
سادەیی، وشەیەک بوو لە فەرهەنگی لاواندا! خەڵکی بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆی ئەوشتەی، کە

دەیویست، بەدەستی دەهێنا!

## ئێمە خۆمان ونکردووە

مرۆڤ دەبێت هەمیشە لەیادەوەری خۆیدا، کەمێک سادەیی و فروتەنی* هەبێت. سادەییەک لەوبڕوایەوە، کە مەرج نییە هەمووکەسێک ئەوەبکات تۆ پێتخۆشە و ئاوهابیت، کە تۆ دەتەوێت!
هەڵەیە گەر واهەست بکەیت کە تۆ هیچ نیت. دەبێت هەردەم بزانیت کە تۆ شتێکی. تۆ هەیت. بەڵام دەشبێت بزانیت چۆن هەیت!

ئێمە هێندە عەودالّی ئەوەین ڕەخنە لە کەسانی دیکە بگرین و هەڵەکانیان دەستنیشان بکەین، ئیدی خۆمان لەبیردەچێت و خۆمان وندەکەین. دەبێت بزانیت، کە مەرج نییە هەموو جارێک گوێت لێبگیرێت و دەنگت ببیسترێت گرنگ ئەوەیە تۆ شوێن و جێگەی شایستەی خۆت بزانیت و بزانیت تواناکانت و خەونەکانت چین!

ماتس ڤالۆ (20 سالان)
ئافتن پۆستن 2013/02/25

*(فروتەنی) سادەیی: (تەوازع) (Humiliy)